# کاریگەرییەکانی یاسای هەڵبژاردنی عێراق

28-12-2019

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** لەدوای فراوانبوونی خۆپیشاندانەکان لە ئۆکتۆبەری ئەمساڵەوە، یاسای هەڵبژاردن وەك یەکێك لە گرنگترین بابەتە سیاسی و یاساییەکانی عێراقی لێهاتووە. هەڵبەت کەسانێکیش هەن کە پێیانوایە "بابەتی یاسای هەڵبژاردن بۆ داپۆشینی خواستە سەرەکییەکانی خەڵکە کە دژایەتیی گەندەڵی و کورتکردنەوەی دەستوەردانی دەرەکییە لە وڵات.

**ئامادەکردنی:** زریان ڕۆژهەڵاتی

**بەشداربووان:** ڕێبوار هادی، د. هەڵمەت غەریب، عەلی قادر، د. ئارام نەجمەدین، شۆڕش حەسەن، د. یەحیا سونبل، خالد ئەلدبوونی، محەمەد یونس عوبێدی|

**بەرایی**

لەدوای فراوانبوونی خۆپیشاندانەکان لە ئۆکتۆبەری ئەمساڵەوە، یاسای هەڵبژاردن وەك یەکێك لە گرنگترین بابەتە سیاسی و یاساییەکانی عێراقی لێهاتووە. هەڵبەت کەسانێکیش هەن کە پێیانوایە "بابەتی یاسای هەڵبژاردن بۆ داپۆشینی خواستە سەرەکییەکانی خەڵکە کە دژایەتیی گەندەڵی و کورتکردنەوەی دەستوەردانی دەرەکییە لە وڵات."[1]

لە ڕاستیدا ئەوەی کە ئێستا پەسندکراوە، لانیکەم 27 ماددەی[2] یاسای هەڵبژاردنی ژمارە 45ی ساڵی 2013ی تێدایە کە یان دەسکارینەکراون یان بە دەسکارییەکی کەمەوە دانراوەنەتەوە و ئەمەش وادەکات کە سەرەڕای ناوەکەی، یاسای تازە زیاتر لە هەموارکردنەوەی یاسا کۆنەکە بچێت. "هەم پەلەپەلی پێوەدیارە و هەم زیاتر لە هەموارکردنەوەی یاسا کۆنەکە دەچێت."[3] بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی سیاسی و خۆپیشاندانەکانیش، زەحمەت نییە لەوە تێبگەین کە ناولێنانی ئەمە وەك پرۆژە یاسایەکی تازە، زیاتر بۆ هێورکردنەوەی شەقامی ناڕازییە.

هەڵبەت بەدەر لە خۆپیشاندانەکانیش، "لە هەموو هەڵبژاردنەکانی عێراقی دوای سەددام، یان یاسای هەڵبژاردن گۆڕاوە یان هەموارکراوەتەوە."[4] لەوانەیە ئەمەش زیاتر بەهۆی خواستی هەندێك لە پارتە سەرەکییەکانی عێراق بێت بۆ ئەوەی هەلومەرجی گونجاو بۆ بردنەوەی خۆیان بڕەخسێنن.

هەرچەندە پرۆژە یاساکە دەرەفەتی گرنگی بۆ بەشداریکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا لە دەرەوەی باڵادەستی حزب دەڕخسێنیت بەڵام، ئاسەوارە سیاسییەکانی ئەم پرۆژە یاسایە بەوەوە سنوودار نامینێ و دەتوانێت ڕێگا بۆ سووتاندنی بەشێك لە دەنگەکان و نادادپەروەری، هەوەرها زیندووکردنەوەی خێڵگەرایی خۆشبکات کە لەم پەڕەیەدا تیشکی زیاتری دەخرێتەسەر.

**گرفتەکانی پرۆژە یاسای هەڵبژاردن**

پەرلەمانی عێراق دواجار ئەو بەندانەی پرۆژەی یاسای هەڵبژاردنی سەبارەت بە فرە بازنەییکردنی هەڵبژاردن تێپەڕاند کە مشتومڕی زۆریان لەسەر هەبوو. پرۆژە یاسایەکە یەکەمجار لەلایەن سەرۆککۆماری عێراقەوە پێشکەشکراوە و سائیرون ڕۆڵی بەرچاوی تێداگێڕاوە و نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە تایبەت لە بەندەکانی تایبەت بە لیستی فەردی و فرە بازنەییکردنی هەڵبژاردن پاڵپشتیی لێکردووە. دواتر حکوومەت لە پرۆژە پێشنیارکراوەکەی خۆیدا هەندێك دەسکاریی کرد و لیژنەی یاسایی پەرلەمانیش هەندێك پیشنیاری کردبوو.[5] بەڵام دواجار پەرلەمان نەك بە تەوافق بەڵکوو بە دەنگی زۆرینە، فرەبازنەییکردنی هەڵبژاردن و لیستی فەردیی پەسندکرد.جێکردنەوەی لیستی فەردی دەتوانێت کاریگەریی پۆزەیتڤی هەبێت بۆ بەرەو پێشبردنی دیموکراسی

لە عێراق. چوونکە لەورێگایەوە کەسانێك دەتوانن لە دەرەوەی خواستی حزبەکان بچنە ناو پەرلەمان بەڵام، ئەمە تەنها دیویکی مەدالیاکەیە و دیوەکەی دیکەی بەوجۆرە نییە.

بەگشتیش دەکرێ خویندنەوەیەکی وەها بۆ یاساکە بکرێت:

**یەکەم:** لەماوەی کورتخایەندا، بەشێك لە حیزبە گەورەکان کە هەم هێز و سەروەتیان هەیە، دەتوانن لەڕێی پاڵپشتیی دارایی و میدیاییەوە رێگا بۆ سەرکەوتنی کاندیدە فەردییە وەفادارەکانی خۆیان خۆشبکەن و چانسی ئەوان لەبەرامبەر تاکێکی ئاسایی زۆر زیاترە دەبێت. بێگومان ئەمەش زیاتر بۆ ئەحزابی گەورە کە دەستیان بە سەرچاوەی جیاجیای هێزدەگات ئاسانترە نەك بۆ حیزبە بچووکەکان یان ئەوانەی کە تازە درووستدەبن. یەکێك لە ئەنجامەکانی ئەمەش ئەوەیە کە بەربەرە ئەحزابی بچووك ناچاردەبن لەگەڵ حیزبە گەورەکان رێکبکەون یان لاوازتر بن.

جگە لەوە، زۆرێك لە حیزبە گەوەرەکانی عێراق، پەیوەندیی بەهێزیان لەگەڵ دامەزراوە خێڵەکی و دینییەکان هەیە کە ئەوەش دەتوانێت رێگا بۆ سەرخستنی کاندیدە فەردییە وەفادارەکانی خۆیان خۆشبکات. هەرئەمەش وادەکات کە بە ئاسانی لە پێداگرییەکانی سەدر و حزبەکانی دیکە تێبگەین.

**دووەم:** یاساکە لەماوەی درێژخایەندا وادەکات کە حیزبەکان زیاتر بایەخ بە رای گشتی و جەماوەربدەن. ئەمە بۆ هەریمی کوردستانیش لایەنێکی پۆزەتیفی هەیە کە حیزبەکان ناچاردەبن بایەخی زیاتر بە پاڵپشتیکردنی کاندیدە باشەکان بدەن و دەتوانێت رۆڵی پەرلەمانیش لە سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستان بنهێزتر بکات. بەڵام کاریگەریی پێشنیاری 100% لیستی فەردیی تەنها بەمەوە ناوەستێت. بە تایبەتی مەرج نییە لە شوینەکانی دیکەی عێراق ئەو ئەنجامەی هەبێت. بەدەر لەو رۆڵەی کە ئێستا ئەحزابی سیاسی لە عێراق هەیانە، هەبوونی حیزب و گرووپی جیاوازی مۆدێرن بۆ بەرەوپێشبردنی دیموکراسی گرنگە. بەڵام "پشبەستنی تەواو بە لیستی فەردی رێگە بۆ بەهێزبوونەوەی دامەزراوەی خێڵ و تەنانەت دامەزراوەی دینی خۆشدەکات"[6] کە لە شوێنی خۆیاندا دەتوانن رێ لە دیموکراسی بگرن. وادەکات کە حیزبەکان جاریکی دیکە روو لە بەرهەمهێنانەوەی کولتووری خێڵەکی و دینی بکەن، تا وەفاداریی تاکەکانیان بۆ مسۆگەر بێت. حاڵی حازر نزیکەی 130-150 خێڵی گەورە و بچووك لە عێراق[7] و هەرێمی کوردستان هەن کە پوتانسیێلی بەهێزبوونەوەیان هەیە. بۆیە پێداگریکردن لەوەی کە تەواوی لیستەکان فەردی بن، دەتوانێت ئەنجامی دیکەی لێبکەوێتەوە کە مەرج نییە خزمەتی دیموکراسی بکات. لەوانەیە پێداگری نەتەوەیەکگرتووەکانیش بۆ ئەم بابەتە زیاتر لە ئەولەویەت دان بە سەقامگیری سەرچاوەی گرتبێت نەك ئایندەی دیموکراسی لە عێراق! لێرەدا پێویستە چاکسازی لە یاسای هەڵبژاردن هەنگاو بەهەنگاو بێت و بەگوێرەی واقعی کۆمەڵگەی عێراقی بێت و سەقامگیریی بی دیموکراسیش پایەدار نابێت.

**سێیەم:** خاڵێکی دیکەش پەیوەندی بە فرەبازنەیی هەڵبژاردنەوە هەیە. ئەمە لە کۆمەڵگایەکی یەکدەستدا دەتوانێت گرفتی ئەوتۆ درووستنەکات بەڵام، زەحمەت نییە پێشبینی بکرێت کە لە هەندێك شوێنی عێراقدا کێشە لە بەینی پێکهاتە جیاوازەکاندا درووستبکات، تەنانەت ئەگەر لە ئاستی محەلیشدا بێت. کاریگەریی ئەمە لە سەر هەرێمی کوردستان ئیجابییە و دەتوانێت ئەحزابی سیاسی ناچاربکات زیاتر روو لە هاوپەیمانیی بکەن و بەمەش، گرێکوێرەیەکی دەیان ساڵەی رکابەریی توندی ناوخۆیی ئەحزابی کوردی شل بکات. بەڵام، بەگوێرەی یاساکە لە هەندێك قەزا کە رێژەی دانیشتوانەکەی بەشی دەرخستنی پەرلەمانتارێك ناکات دەبێ لەگەڵ قەزایەکی دراوسێیدا یەکبخرێت و ئەم یەکخستنەش بۆ ئەو قەزا و ناوچانەی کە نفووسێکی تێکەڵاوی قەومی و تایفییان هەیە، دەتوانێت لانیکەم لە ئاستی محەلیدا کێشمەکیش زیاتر بکات. هەڵبەت لە حاڵەتێکی ئایدیالیشدا لەوانەیە بە پێچەوانەوە رێگا بۆ لیستی هاوبەشی پێکهاتە جیاوازەکانیش خۆشبکات.

**چوارەم:** یەکێکی دیکە لە گرفتەکانی یاسای هەڵبژاردن پەیوەندی بە دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمانەوە هەیە. لە ماددەی 13دا ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق بە 242کورسی و 9 کورسی کۆتا دانراوە کە پێویستە بەگوێرەی ژمارەی دانیشتووان دابەشبکرێت. هەرچەند بڕیارە سەرژمێری بکرێت بەڵام بە هۆکاری

جیاجیا تا ئیستا ئەوە نەکراوە. بۆیە حکوومەتی عێراق سەبارەت بە ژمارەی دانیشتووان پشت بە ئامارەکانی وەزارەتی پلاندانان دەبەستێت. بە پێی بەڵگەنامەیەکی بڵاونەکراوەی وەزارەتی پلاندانان، ژمارەی دانیشتووانی عێراق سەرووی 39 ملیۆن کەسە.[8] ئەگەر ئەوە بەسەر هەموو کورسییەکانی پەرلەمانیشدا دابەشبکرێت، تەقریبەن، هەر پەرلەمانتارێك نوێنەرایەتی 155378466 کەس دەکات، ئەوەش لە کاتێکدایە کە بە پێی دەستوور، دەبێ هەر سەدهەزارهاوڵاتی لەلایەن کەسێکەوە نوینەرایەتی بکرێت. جگە لەوەش تا ئێستا دابەشکردنی کورسییەکان بەسەر پاریزگاکاندا لە هەموو شوێنەکان وەك خۆی جێبەجێنەکراوە. بۆ نموونە بە پێی ئامارەکانی وەزارەتی پلاندانی عێراق بۆ سالی 2018، پارێزگایەکی وەکوو کەرکووك بە 1595235کەسەوە، بەبێ هەژمارکردنی کورسیی کۆتا، 12 کورسیی بەرکەوتووە. ئەمە واتای ئەوە دەدات کە یەك پەرلەمانتار نوێنەرایەتی 133156دانیشتووی کەرکووکی کردووە. بەڵام ئەوە بۆ شوێنێکی وەك بەغدا بە نفووسێکی 8126755کەسەوە، کە کورسیی کۆتای هەیە کەمترە. هەر117779 هاوڵاتی بەغدا، لەلایەن پەرلەمانتارێکەوە نوێنەرایەتی کراون. هەمان هەژمار بۆ پاریزگای نەینەوا کە کورسی کۆتای هەیە 120322کەسە. ئەگەر ژمارەی دانیشتوان بە پێی ئاماری 2018ی وەزارەتی پلاندان بەسەر ژمارەی کورسییەکانی هەر پاریزگایەکدا دابەشبکەین، لە زۆربەی پارێزگاکانی باشووردا ئەو ژمارەیە یان لە سنوورەکانی 115000 کەسدا کەم و زیادی کردووە: کەربەلا بە 110793 کەس، بەسرە 116339 کەس، زیقار 110272کەس، قادسیە 117368کەس، موسەننا 116388کەس، نەجەف 122632کەس و میسانیش 101152کەس یەك پەرلەمانتاریان پێبڕاوە. لە هەردوو پارێزگای بابل کە تێکەڵاوی نفووسی شیعە و سوننە زیاترە، هەر پەرلەمانتارێك نوێنەرایەتی 137669کەسی کردووە لە پاریزگای واستیش کە نفووسی کوردی فەیلی لێیە ئەو ڕیژەیە 125247کەس بووە. هەورەها لە ناوچەیەکی جێی ناکۆکیی وەك پارێزگای سەلاحەدینیش، 132936کەس یەك پەرلەمانتاری بەرکەوتووە.

کاتێ هەموو ئەوانەش لە پێشچاوەدەگرین، "پرسیار لەسەر ژمارەی ئەو کورسییانە درووستدەبێت کە ساڵی 2018 بۆ هەندێك لە پارێزگاکانی باشوور وەك میسان، زیقار، کەربەلا، بەسرە و تەنانەت بەغداش دانراون و بە ئاشکراش دەردەکەوێت کە لانیکەم بەشی هەندیك لە پارێزگاکانی وەك کەرکووك و سەلاحەدینیش خوراون."[9]

**پێنجەم:** لە مادەی پێنجەمیشدا گرفتێك هەیە. لەم ماددەیەدا پێناسەی ئاوارە (نازح) و کۆچبەرەکان کراوە. بەڵام پشتپەردەی پەسندکردنی ماددەکە، مشتومڕ بووە لەسەر ئەوەی کە هەرلە بنەڕەتدا ئاوارەکان(نازح) دەنگبدن یان نا کە دواجار بە دەنگدانیان یەکلاکراوەتەوە.

بەپێی بڕگەی چوارەمی ماددەی 5، ئەو ئاوارەیە دەتوانێت دەنگبدات کە ناوی لە تۆماری ئاوارەکانی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەراندا تۆمارکرابێت. ئا "لێرەدا کێشەیەك بە نیسبەت دەنگدانی هەزاران هاوڵاتی کوردی کەرکووك و دووزخورماتوو هەیە کە لەدوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر ماڵ و حاڵی خۆیان جێهیشت و هاتنە شارەکانی هەرێمی کوردستان. ئەوە شتیکی زانراوە کە حەیدەر عەبادەی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، بۆ ئەوەی کە گەڕانەوەی سوپای عێراق بۆ کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بە جووڵەیەکی سەربازی سوپا لێکنەدرێتەوە کە دەستوورقەدەخەی کردووە لە کێشە ناوخۆییەکاندا بەکاربیت، ڕێگەی لەوە گرت کە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران ناوی ئەو هاوڵاتییانە وەك نازح تۆمار بکات. چوونکە ئەگەر تۆماربکرایە ئەوا جۆریك دانپێنان دەبوو بەوەی کە بەهۆی دۆخیکی نالەباری سیاسی و سەربازییەوە کەسانیك ناچارماون بار بکەن و بڕۆن." [10] دیارە هەلومەرجی سیاسی ئەو کاتیش لەباربوو بۆ ئەوەی حەیدەرعەبادی سەرۆکوەزیرانی ئەوکات کارێکی وەها بکات.

لێرەدا، ئەگەرێك هەیە کە مافی دەنگدانی ئەو هاوڵاتیيانەی کە بەهۆی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە کۆچیان کردووە بخورێت. بۆیە لانیکەم پێویستە رێگاچارەیەکی خێرا بۆتۆمارکردنی ناوی ئەو کەسانە بدۆزریتەوە کە تا ئێستاش بەهۆی سیاسی و ئەمنییەوە نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.

**ئەنجام**

یاسای هەڵبژاردن زیاتر لە هەموارکردنەوەی یاسا کۆنەکە دەچێت و ئەو دەسکارییانەش کە سەبارەت بە لیستی فەردی و فرە بازنەییکردنی هەڵبژاردن کراون، زیاتر لە خزمەتی حزبە گەورەکان دەبێت و بە ئەگەری زۆر رێگا بۆ بەهێزکردنەوەی نەریتی خێڵ و دینی خۆشدەکات. پێدەچێت یەکێك لە ئامانجە سیاسییەکانی فرە بازەنەییکردنی هەڵبژاردنیش لاوازکردنی پێگەی کورد لە ناوچەکانی سنووری ماددەی 140 بێت و بەلەبەرچاوگرتنی هاوهەڵوێستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی دژ بە گشتپرسییەکەی هەرێمی کوردستان، و پاڵنانی نێودەوڵەتیی ئێستاش بۆ فرەبازنەییکردنی هەڵبژاردن، دەشێ ئەمە پازڵێکی دیکەی کورتکردنەوەی دەستی کورد بۆ هەر خواستێکی دیکەی سەربەخۆیی سەیربکرێت.

لەم وەختەدا، پێویستە لایەنە کوردییەکان دانوستاندنێکی چریان هەبێت بۆ دیاریکردنی ستراتیژێکی نیشتمانی سەبارەت بە دەنگەکانی کورد لە ناوچەکتانی سنووری ماددەی 140. هەروەها دەبێ رێکاری سیاسی و یاسایی خێراش بۆ تۆمارکردنی ئاوارەکانی دوای رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر بگیرێنەبەر.

[1] – شیخ د. یەحیا ئیسماعیل ئەلسونبل، سکرتێری گشتی خێلەکانی عێراق.2019-12-24 کۆبوونەوەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

[2] – وەك ماددەکانی 43،45،،3،4،7،17،18،19،20،21،22،24،25،27،28،30،31،32،34،35،36،40،41،42

[3] – رێبوار هادی –لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق، کۆبوونەوەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو 2019-12-23

[4] -د. ئارام نەجمەدین- بەڕیوەبەری ئۆفیسی هەولێری کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم، کۆبوونەوەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو 23-12-2019

[5] -بەپێی دەستووری عێراقی سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیران بۆیان هەیە پرۆژە یاسا پێشکەشی پەرلەمان بکەن.

[6] -عەلی قادر ئەندامی کۆیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، کۆبوونەوەی 23-12-2019 ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

[7] – شیخ د. یەحیا ئیسماعیل ئەلسونبل، سکرتێری گشتی خێلەکانی عێراق.2019-12-24، کۆبوونەوەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

[8] -رێبوار هادی –لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق کۆبوونەوەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو 23-12-2019

[9] – رێبوار هادی –لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق کۆبوونەوەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو 23-12-2019

[10] -د. هەڵمەت غەریب پسپۆری یاسایی و مامۆستای زانکۆ، کۆبوونەوەی ناوەندی لێکۆیینەوەی رووداو 23/12/2019